# له هەوالێكدا بۆ كۆبونەوەی شوفێرەكانی سلێمانی زمناكۆ عەزیزو رێبوار عارف، دەبرێنە ئاسایشی سلێمانی !

لە رۆژی 2005/7/9 پاش ئەوەی کە کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەیاننامەو بانگەوازێکی بلاوکردبوەوە بۆ کۆبونەوەی شۆفێرەکانی سلێمانی، سەبارەت بە گرانی نرخی بەنزین، لە تەنیشت بەنزیخانەی شێخ ئەحمەدی هیندی "نزیك شەقامی شەستی" ئاسایشی سلێمانی لە کاتژمێری 7ی ئێوارەدا دەچێتە شوێنی کۆبونەوەکەو هەریەك لە زمناکۆ عەزیزو ڕیبوار عارف ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزب، دەبەن لەگەل خۆیانداو لە ئاسایش پێیان دەڵێن"چ کارێك دەکەن لە خۆپیشاندان و کۆبونەوە دەکەن بیکەن بەلام پێشتر ئاگادارمان بکەنەوە، چونکە پیاو خراپ زۆرە" ڕاستەوخۆ ئازادیان دەکەن. ئەمە یەکەمجارە ئاسایشی سلێمانی بەم شێوەیە مامەڵەو قسەبکات.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، ماوەی 12 ساڵە لە پێناو بەدیهێنانی ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسیدا خەبات دەکات، لە پێناو ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی کۆبونەوەو خۆپیشاندان و مانگرتن و پێکهێنانی ڕیکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، ئازادی ڕەخنەو یەکسانی نیوان ژن و پیاوو جیایی دین لەدەوڵەت و دژی تیرۆرو... بەدرێژایی ماوەی 5 ساڵی تەواو لە دوای 2005/7/14وە، چەندین جار ئەندامان و کادران و ڕابەرانی حزب لەلایەن ئاسایشی سلێمانیەوە زیندانیکراون و هەندێکیان بۆ ماوەی 1–4 مانگ لە زینداندا ماونەتەوە لە پێناو دابینکردنی ئەم خواستانەدا لێبڕاوانە خەباتیان کردوەو هەمیشە لە ریزی پێشەوەی خەبات و ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستاندا بوون لە پێناو خواستە سیاسی و مەدەنی و ئابورییەکانیاندا .

ئەم مامەڵەی یەکێتی نیشتمانی "چ کارێك دەکەن لە خۆپیشاندان و کۆبونەوە دەکەن بیکەن بەڵام پێشتر ئاگادارمان بکەنەوە، چونکە پیاو خراپ زۆرە" ڕاستەوخۆ ئاکامی خەبات و تێکۆشانی سەرجەم ئازادیخوازان و ناڕازیانی کوردستانە. بەڵام هێشتا ئەم مامەڵەو هەڵوێستەی ئاسایش لە ئاستی قسەدا ماوەو پێویستە، ئازادی سیاسی، واتە ئەوەی کە مانگرتن و خۆپشاندان و کۆبونەوەی جەماوەری و کۆڕ.... تەنها پێویستی بەوە هەبێت کە کات و شوێنەکەی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی لێ ئاگادار بکرێتەوە بۆ پاراستنی ئاسایش، وەك یاسا لە کوردستاندا ڕابگەیەنرێت و ئیتر پێویست بەوە نەکات کە چەند ڕۆژ داوای مۆلەت بکرێت و لە نێوان ئەگەری پیادەکردندا بمێنیتەوەو بەم پێیەش زەربە لە خەباتی خەڵکی کوردستان بدات دژ بە گەندەڵی ئیداری و خواستی سیاسی و مەدەنی و خەباتیان لە پێناو باش بونی ژیانیاندا.

ڕێکخراوی کوردستان، لە نێو جەرگەی خەباتی خەڵکی کوردستاندا درێژە بەخەباتی خۆی دەدات تاکو دابینکردنی سەرجەم خواستە سیاسی و مەدەنی و فەردییەکانی خەڵکی کوردستان و بنبڕکردنی گەندەڵی ئیداری.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

2005/7/10